# KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01–06–2018 بڵاوبۆتەوە. سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

# تاراوگە TARAWGA

**25 April . 2019 No. [44]**

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807

**لە تاراوگەدا، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە..**

ڕاگەیەندراوی کۆتایی..... یادی 121 ساڵەی ڕۆژنامەوانیی کوردیی لە ئارنهێم لە هۆڵەندا پاش خەڵاتکردنی کۆمەڵێک ڕۆژنامەنووس بەسەرکەوتووی کۆتایی هات ل 1 و 6...

دوو نوسینی کاک بەکر شوانی، ئایا پەردە لەسەر کارە شاراوەکانی کافکا هەڵدەدرێتەوە؟ نۆرەگرتن بۆ ژیان، چیرۆکی پشت ئەم وینەیە...! ل 2

چەند تێبینییەک لەسەر فیستیڤاڵی ڕەنگەکان، ئیبراهیمی مەلازادە..! ل 3 ڕۆمانوسێکی فینلەندی بەڕەگەز عێراقی کەرکوکی، ڕۆمانێکی بەناونیشانی (یەزدان 99) نوسیووە، بە چەندین زمانی زیندووی دنیا وەرگێردراوە.... ل 4

کتێبی "نیچە" لە نووسینی عەبدولڕەحمان بەدەوی، وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی ل 5

پرنسیپی هونەری مۆسیقا.. سەڵاح ڕەووف، ل 8 و 9

هونەرمەندی شێوەکاری کورد یالە سالِح....ل 10



KURDISH DIASPORA

سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوكردنەوەی دەكات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوكراوەیەكی كوردیی هەواڵییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت

25 April 2019
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
ژمارە 44
25 ئەپریلی 2019

# ڕاگەیەندراوی كۆتایی..... یادی 121 ساڵەی ڕۆژنامەوانیی كوردیی
# لە هۆڵەندا پاش خەڵاتكردنی كۆمەڵێك ڕۆژنامەنووس بەسەركەوتووی كۆتایی هات



ڕۆژی یەكشەممە، 21 ی نیسانی 2019 كاتژمێر 13,30ی پاشنیوڕۆ لە شاری ئارنهێم هۆڵی (Ab eleneartrhof1326833LR, Arnhem) لە نێو ئاپۆڕای ڕۆژنامەنووسان و ڕوناكبیران، بەهاوبەشی هەردوو ڕێكخراوی چەپك بۆ گەشەپێدانی مرۆیی و ئەكادیمیای بەدرخان بۆ توێژینەوەی ڕۆژنامەوانی و كەلتور، ڕێوڕەسمێكی پڕشكۆی لە یادی 121 ساڵەی ڕۆنامەوانیی كوردی، بەدروشمی (پاش 121 ساڵ، ڕۆژنامەوانیی كوردیی بەرەو كوێ؟) بەڕێوەچوو.

لە سەرەتای كردنەوەی ڕێوڕەسمەكەدا، كە لەلایەن خاتوو ڕێژین بابا عەلی بەڕێوەبرا، بەخێرهاتنی میوانانی كرد، كورتەیەك لە مێژوو و كارەكانی، ئەكادیمیای بەدرخان و ڕێكخراوی چەپكی بۆ ئامادەبووان باس كرد و بەسرودی (بەدرخانی خاك پەروەرم)، لە هۆنراوەی م.جەمال عەبدول و ئاوازی ئەنوەر قەرەداغی و بەدەنگی كۆرسی تیپی مۆسیقای كیژانی سلێمانی دەستی بەكارەكانی كرد.

سەرەتای دەستپێك گوتاری هاوبەشی چەپك و بەدرخان و سەنتەری میترۆ، لە لایەن شاخەوان دوكانی خوێندرایەوە و تێیدا بەخێرهاتنی گەرمی ڕۆژنامەنوسان و میوانانی كرد و گوتی؛ ئەمڕۆ ڕۆژێكی پڕشنگدارە لە مێژوویی پڕلەسەروەری ڕۆژنامەنووسانی كورد، هەروەها هیواشی خواست گرنگی بە ئازادی و ئازادی ڕادەربڕین بدرێت و كۆچبەرانی كورد چالاكانە تر كارەكانیان ئەنجام بدەن، لە درێژەی قسەكانیدا گوتی؛ كاری ڕێكخراوەیی لە تاراوگە لە پاشەكشەدایە، بەهۆی ناكارامەیی گروپ و ڕێكخراوەكانی كومەڵگای مەدەنی...؛ ئەمڕۆ بەداخەوە ئازادی و مافی ڕۆژنامەنووسان پێشێل دەكرێت و هیچ لایەك و كەناڵێكی بەرگریكار نییە بەدەسەڵاتیشەوە داكۆكییان لێبكات، هەروەها

بەهۆی كاڵ و كرچی كەناڵ و ڕاگەیاندەكانی هەرێمی كوردستان و نەبوونی چاودێری كوالیتی بەرهەمەكان، پاشاگەردانی دەخاتە نێو كۆمەڵگای كوردەواری، هەرچەندە لەهەمبەر ئەو قەیرانانەش توانیمان ئەو چالاكییە ڕۆژنامەوانییە بۆ ڕۆژنامەنووسان و ڕوناكبیرانی تاراوگە ڕێكبخەین. هەر لە بەرنامەی كاری چالاكییەكەدا هاتبوو، كە بەبەشداری هەردوو هونەرمەندی شێوەكار و كاریكاتێریست محەمەد فەتاح لە شاری سلێمانییەوە و هونەرمەندی شێوەكار تارا محەمەد ئەمین لە وڵاتی نەرویجەوە بە چەند تابلۆیەكی كاریكاتێر و بەچەند تابلۆیەكی شێوەكاری یادەكەیان بەرز و پیرۆز ڕاگرت.


لەلایەكی دیكەوە لەهەمان چالاكییدا، پێشانگای كتێب بۆ بڵاوكراوەكانی ئەكادیمیای بەدرخان و چەندین دەزگا و چاپ و بڵاوكردنەوەی كوردیی دیكە ئەنجامدرابوو..

لە پانێڵی یەكەمی یادی 121 ساڵەی ڕۆژنامەنووسی كوردیدا، بە ناونیشانی پاش 121 ساڵ ڕۆژنامەنووسی كوردی بەرەو كوێ؟ بۆ حەمید بەدرخان و عەبدولقەهار هەولێری بەڕێوەچوو، حەمید بەدرخان باسی لە گرنگی دەرچوونی یەكەمین ڕۆژنامەی نۆبەرە (كوردستان) كرد و گوتی؛ دەرچوونی یەكەمین ڕۆژنامەی كوردیی، واتە بەزیندوو ڕاگرتنی زمانی شیرینی كوردی، بوونە خاوەنی هونەر و ئەدەب و كەلتور و ڕۆژنامە. سەبارەت بە دەرچوونی ڕۆژنامەی كوردستان، ئایا 21 نیسانە، یا 22 نیسانە، ئاماژەی بە پەیامێكی د.مەغدید سەپان كردم كە بە تایبەتی ئاڕاستەی كۆنفراسەكەی كرد بوو، دڵنیایی دا، كە كوردستان 21 نیسانی 1898 دەرچووە، لەهەمان كاتیشدا حەمید بەدرخان، پێداگری لەو ڕایەكرد، كە سەرجەم ژمارەكانی ڕۆژنامەی كوردستان لە قاهیرە دەرچووە، لەبەرفشارەكانی حوكمڕانی قەڵەمڕەوی عوسمانلییەكان بووە. بۆیە گوتوویانە ڕۆژنامەكە لە ئەمریكا و قاهیرە و فۆلكستۆن و سویسرا و نەمسا هاتۆتە چاپكردن. هەروەها عەبدولقەهار هەولێری لە لێكۆڵینەوەكەی خۆیدا، كە پێشكەشی ئامادەبووانی كرد، گووتی: یەكەمین ڕۆژنامە لە ئەڵمانیا لە ئۆكتۆبەری 1605 زاینیی چاپكراوە.

بڕوانە ل 6

# ئایا پەردە لەسەر کارە شاراوەکانی کافکا هەڵدەدرێتەوە؟

## بەکر شوانی



دادگایەکی بەرایی لە شاری زیوریخی سویسرا بڕیاری دا ئەو قاسانەی کە دەستنووسەکانی نووسەری ناسراو فرانتس کافکایان تێدایە، بکرێنەوە و ناوەڕۆکەکانیان بدرێن بە کتێبخانەی نیشتیمانیی ئیسرائیل. بەمجۆرە دەستنووسەکانی کافکا کە لە دوای مردنی خۆیەوە لە شاری زیوریخ لە چەند قاسەیەکدا پارێزراون، ئەگەری دەرهێنان و چاپکردنیان لە ئارادایە .بەتەواوی نازانرێت چی لە قاسەکاندا هەیە، بەڵام هەندێک لە چاودێران پێیان وایە بەشە تەواونەکراوەکانی هەندێک لەو بەرهەمانەی کافکا کە دوای مردنی چاپ کراون، لەو قاسانەدا بن. ماوەیەک لەمەوبەر ئاشکرا کرا بەشێک لە دەستنووسەکانی کافکا لای خێزانێکی جوو لە تەلئەبیب دۆزرانەتەوە کە لە دۆخێکی خراپدا پارێزرابوون، بۆیە دادگای باڵای ئیسرائیل بڕیاری دا دەست بەسەر ئەو دەستنووسانەدا بگیرێت. دادگای بەرایی زیوریخیش لە بڕیارەکەی خۆیدا پشتی بەو بڕیارەی دادگای باڵای ئیسرائیل بەستووە .بڕیارەکەی دادگای زیوریخ سەرەتای کۆتاییهێنانە بە پرۆسەیەکی درێژی لێکۆڵینەوەی یاسایی سەبارەت بەوەی داخۆ کێ خاوەنی ڕاستەقینەی میراتی ئەدەبیی کافکایە! لێپرسراوی ئەنستیتووی ڤان لێر لە شاری ئۆرشەلیم/قودس بنیامین بالینت پێی وایە ئەم پرۆسەیە لەبارەی میراتێکەوە بەڕێوە دەبرێت کە کەس نازانێت چی تێدایە. بالینت دەڵێت: ئەگەرچی بڕیارەکەی دادگای زیوریخ خاڵی کۆتایی بۆ ئەو پرۆسە درێژخایەنە داناوە، بەڵام پرسی "ئایا لە ڕووی کولتووری و میراتەوە کێ خاوەنی دەستنووسەکانی کافکایە" تا ماوەیەکی تریش هەر بە کراوەیی دەمێنێتەوە .فرانتس کافکا کە ساڵی ١٩٢٤ لە تەمەنی ٤٠ ساڵیدا مرد، بەر لە مردنی، دەستنووسەکانی خۆی دابوو بە هاوڕێی وەشانگەری خۆی ماکس برۆد و تکای لێ کردبوو پاش مردنی، بێ ئەوەی بیانخوێنێتەوە، بیانسووتێنێت. بەڵام برۆد پابەندی وەسێتەکەی کافکا نەبوو و پاش مردنی ئەو ڕۆمانەکانی "دۆز" و "کۆشک" و "ئەمریکا"ی چاپ و بڵاو کردەوە و هەر ئەو هەنگاوەیش بوو کە کافکای کرد بە نووسەرێکی ناسراو لەسەر ئاستی جیهان. برۆد سەرەتای ساڵانی ١٩٥٠ بەشێک لە دەستنووسەکانی کافکای دابوو بە ئیلزێ ئێستەر هۆفی سکرتێری خۆی. هەر لەو ساڵانەدا ئیسرائیل بە بیانووی ئەوەی کە کافکا جوو بووە، داوای خاوەندارێتیی دەستنووسەکانی نووسەری کرد و بەو جۆرە پرۆسەیەکی لێکۆڵینەوەی یاسایی درێژ لە نێوان دەوڵەتی ئیسرائیل و میراتگرەکانی هۆف دا دەستی پێ کرد کە پێ دەچێت بڕیارەکەی دادگای زیورخ بۆ لەمەودوا بیگەیەنێت بە سنووری کۆتایی پێهێنان.

سەرچاوە:

https://www.dw.com/.../kafkanın-yıllardır.../a-48371485...

# نۆرە گرتن بۆ ژیان ..

# چیرۆکی پشت ئەم وێنەیە ئاشکرا دەکرێت



بەکر شوانی

بۆ هاوڕێی فۆتۆگرافەر کاک زمناکۆ ئیسماعیل

نازانم چۆن و بە چ وشەگەلێک سوپاست بکەم، کە بە ڕوونکردنەوە زانستیی و ڕۆژنامەگەرییەکەت ژیانت بۆ کەسانی ناو ئەم وێنەیە گەڕاندەوە! من هەموو جارێک بە بینینی ئەو وێنەیە لە ناخەوە بۆ چارەنووسی ئەو منداڵانە خەمگین دەبووم، چونکە وا تێگەیەندرابووین، کە ئەوانە منداڵانی ئەنفالکراوان و لە نۆرەی مەرگدا ڕاوەستاون. بەڵام ئەوە تۆ ڕاستیی پشت وێنەکەت ڕوون کردووە و ئێستا دەزانین ئەو منداڵانە بۆ "نۆرەی ژیان" ڕاوەستاون. بە دەستووری تۆ و جاسم غضابنپوور، وێنەکە بە گەورەیی وەک تابلۆ چاپ دەکەم و لەژێری دەنووسم: نۆرەگرتن بۆ ژیان! بڕوانە ئەم لینکە:

https://www.sbeiy.com/Details.aspx?jimare=13641...

دەربارەی چیرۆکی پشت وێنەکە؛ ئەو وێنەیە لەساڵی (1988) چرکاوە، ئەوکاتەی خەڵکانی نێو گوندەکانی گەرمیان، لەدەست ڕژێمی بەعس هەڵاتن و پەنایان بۆ ئۆردوگاکانی ئێران برد، یەکێک لە ڕۆژەکانی کۆتایی مانگی چوار، جاسم غەضبانپور و وێنەگری شەهید کاوە گوڵستانی، ڕوو لەو ئۆردوگایە دەکەن، بۆ ئەوەی وێنەی ئاوارەکان بچرکێنن و لە ڕۆژنامەکانی ئێراندا بڵاوی بکەنەوە. جاسم غەضبانپور لەبارەی چیرۆکی پشت ئەو وێنەیەوە دەڵێت: "ئەو ڕۆژەی ئەو وێنەیەم چرکاند، منداڵان ڕیزیان گرتبو بۆ ئەوەی خواردنیان پێبدرێت، ئەو وێنەیە یەک دانەی بڵاوکراوەیە، لەکۆی دو فیلمی (32) وێنەیی، لەهەمانکاتدا چەندان وێنەی دیکەی ناخۆشی و ئاوارەیی کوردەکانی عێراق و ئۆردوگام لەلایە، کە تا ئێستا بڵاوم نەکردونەتەوەدەربارەی ئەو چیرۆکە ناڕاستەی کە لەسەر ئەو وێنەیە نوسراوە، دەڵێت"تکام وایە، کە ئەم چیرۆکە ڕاستەقینە لەمن وەربگرن، ئەوان ڕیزیانگرتبوو بۆ ژیان نەک بۆ مەرگ ." تاوەکو ئێستا، نەتوانراوە لەڕوی نێودەوڵەتییەوە تاوانی ئەنفال وەک جینۆساید بناسێنرێت، سەرباری کەمتەرخەمی حکومەتی هەرێم وەک پێویست نەتوانراوە کار بۆ کۆکردنەوەی وێنە و بەڵگەکانی ئەنفال بکرێت، یەکێک لە هۆکارەکان ئەوەیە، لەکاتی خۆیدا حکومەتی بەعس، زۆربەی بەڵگەکانی وەک تۆماری ڤیدیۆو فۆتۆی چرکاوی ئەو کەیسەی لەناوبردوە، لەوەش کارەساتتر ئەوەیە، کە دەبینین لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، هەواڵی فەیک و فۆتۆو ڤیدیۆی فەیک لەسەر ئەو کەیسە بڵاو دەکرێتەوە، چ بەزانین بێت یان بەنەزانین، ئەمە کارەساتە، کێشەیەکی گەورەیە لەسەر بەلاڕێدابردنی ئەو کەیسە و ڕۆڵی دەبێت لەسەر بە دیکۆمێنتکردنی وێنە و ڕوداوە خەمناکەکانی ئەو تاوانە گەورەیەی دەرهەق بە گەلی کورد کراوە .".

# چەند تێبینییەک لەسەر ڤیستیڤاڵی ڕەنگەکان..!



دیارە کە ئەو نۆرم و بەهایانەی لە باشووری کوردستان باون، تائاستێکی زۆر، لەژێر کارایی ئاین دان و بەتەواوەتی هەموو ئەو دیاردانە ڕەددەکاتەوە، کە بەرهەمی مۆدێرنە و واقیعی ئەمڕۆی دونیان. گرنگترین و هەستیارترین بەشیش لەو جۆرە ڤیستیڤاڵانە لایەنی تێکەڵی ژن و پیاوە. جیاکردنەوەی ژن و پیاو بەشێکە لەو نۆرمانەی کە ئاین بەهیچ جۆرێک ڕێگای پێنادات و بەشێوەیەکی ڕێژەیی وەکو لادانێک تا ئاستی تاوان تەماشای دەکات، هەر ئەوەشە کە دەبێتە هۆی ئەو جۆرە ڕەدکردنەوەیە. چۆن دەکرێت ڕەفتار لەگەڵ دیاردەکانی مۆدێرنە بکەین؟ ئایا کۆمەلگایەکی سوننەتی، وەکو کۆمەڵگای کوردی بەتەواوەتی دەتوانێت خۆی ڕادەستی ئەو دیاردانە بکات؟ بێگومان، قورسە ڕێژەی ئەو کەسانە بزانین کە پشتیوانی لەو جۆرە دیاردانە دەکەن، بەڵام ئەوەندەی کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەبینین، ئەوانەی دژی ئەو دیاردەیەن، زۆر زۆرترن لەوانەی کە پشتیوانی لێ دەکەن. تەنانەت لەنێو ئەوانەی کە دژی وەستاونەتەوە، کەسانێکن دیدناریش نین بەڵام هەڵبەت لەژێر کارایی ئەو نۆرم و بەهایانە دان کە لەکۆمەڵگای ئێمەدا باون. ئەم جۆرە دژوەستانەوە پەیوەندی بە سیستمی بیرکردنەوە هەیە. ئەوەی کە لە باشووردا زاڵە سیستمی بیرکردنەوەیەکە لەژێر کارایی نۆرمە دینییەکاندا، تەنانەت ئەوانەش کە خۆیان بە سەکولار دادەنێن لەژێر کارایی ئەو سیستمە کۆللێکتیڤەدا خۆیان دەخەنە سەر شانۆ و کاردانەوە دەنوێنن. لەو وڵاتانەی کە سیستمی بیرکردنەوە بەتەواوەتی لەدەرەوەی کێڵگەی دیندا خۆی دەنوێنێت، کەمتر ئەو جۆرە دیاردانە ڕەخنەباران دەکرێن، بەپێچەوانەوە ئەوانەش کە ناچنە ناو ئەو جۆرە کۆبوونەوانە، قەڵس نابن و هەندێک جاریش بەشێوازی خۆیان و لەشوێنی خۆیان خۆشی دەردەبڕن و لەگەڵی شاگەشکە دەبن، هەرچەندە ناکرێت باسیش لە کەمینەیەک نەکرێت کە بەهۆکاری جیاوازەوە ڕەخنە لەو دیاردانە دەگرن. بەڕای من ڕەخنەگرتن یا پشتیوانی کردن لەو دیاردانە، کارێکی نێگەتیڤ نیە. لەوەش گرنگتر پێویستە لەوە تێبگەین داخۆ خەڵک بۆچی بەو شێوازە خۆشی دەردەبڕن بەڵام بەشێوازێکی دیکە نا؟ ئایا مافی خەڵکە ڕەخنە لەدەربڕینی خۆشی ئەوانی دی بگرن بەهەر شێوازێک بێت؟ ئەوەی گرنگە و دەبێ بیزانین، چۆنیەتی ڕاهاتنە لەگەڵ ئەو جۆرە دیاردانە. ڕۆشنگەری لەڕێگای تەکنۆلۆژیاوە کە دونیای کردووە بە گوندێکی بچووک، وەها خۆی دەخزێنێتە ناو دونیای بچوکی هەموو تاکێک، ڕێلێگرتنی لەمەحاڵ مەحاڵترە. بۆیە، ڕێگادان بەئازادی کەسەکان بۆ گوزارشت لەخۆکردن، تەنانەت لەشتی زۆر جیاوازتر، بەشێکە لەو ئامرازانەی کە زۆرێک لە کۆمەڵناسەکان بەشێوەیەکی سنووردار پشتیوانی لێ دەکەن. کێشە و سەختییەکانی کۆمەڵگا، زۆرن. زۆربەی جاران نۆرم و بەهاکان ناتوانن ببنە جێگرەوەی ئەو ناخۆشیانەی کە زۆرێک لە تاکەکانی کۆمەڵگا پێیدا تێپەڕ دەبن. ئەو کەسانەش کە لەو شوێنانەدا زیانییان پێدەگات، بۆخۆیان ئەو بەرپرسیارێتییە هەڵدەگرن، چونکە مەرج نیە ئەگەر کچێک لەوێ نەبێت هەراسان نەکرێت. ڕۆژانە دەبینین کچەکان لەشوێنی جیازەوە هەراسان دەکرێن، تەنانەت لەناو زانکۆکانیش. بۆیە پاساوی ئەوەی، کە ئەو ڤێستیڤاڵە کارێکی نێگەتیڤە هەر لەبەرئەوەی ژن لەو شوێنەدا هەراسان دەکرێن، زۆر پاساوێکی لۆژیکی نییە، چونکە ئەوانە بەئازادی و بەویستی خۆیان بەشداری تێدا دەکەن.




گرنگ لێرەدا ئەوەیە، بزانین ئەو مۆتیڤانە چین، کە کەسەکان هان دەدەن بەشداری ئەو جۆرە ڤیستیڤاڵانە بکەن، لەجیاتی ئەوەی جوێنیان پێ بدەن و سوکایەتییان پێبکەن؟ زمانی سوکایەتیکردن و جوێندان، تەعبیرە لە ئاستی نزمی خودی کەسەکان. ئەوانەی سوکایەتی دەکەن، بیانەوێت یان نا، گوزارشتە لەناخێکی نەخۆش. ئەگەر لەڕوانگەی ئەوانەوە ئەو جۆرە بەشداریکردنە بێئەخلاقی بێت، دەبێ ئەوەش بزانن کە جوێندان و بەبێ ئەخلاق دانانی خەلکی دی بەبێ بەڵگە و هەر بەپاساوی بەشداریکردن لەو جۆرە چالاکییانەدا، هەر بێئەخلاقییە. پاساوی هەندێک کەس لەوەستانەوە لەدژی ئەو ڤیستیڤاڵە، ئەو دۆخە ناخۆشەیە کەهەندێک کەس و شوێن بەهۆی لافاوەوە پێیدا تێپەڕ دەبێت. هاوسۆزی و پشتیوانیکردنی ماددی لەزیانلێکەوتووەکان نەک هەر باشە، بەڵکو ئەرکی سەرشانی خەڵکە، بەتایبەتیش کاتێک دەسەڵات ناتوانێت هاوکارییەکان وەکو پێویست بگەیەنێت، یا نەیەوێت بگەیەنێت. بێجگە لەوەش؛ بۆ ئەگەر ئەو کەسانە بەشداری ڤێستیڤاڵەکە نەکەن، کارێکی باشتر دەکەن؟ ئایا ئەو پارەیە دەڕوات بۆ زیانلێکەوتووەکان؟ ئایا ئەو بەشداربووانە لە ڤێستیڤاڵ بەڕەخنەگرەکانیشەوە، لەجیاتی بەشداربوون یا وەستانەوە لەدژی ڤێستیڤاڵەکە لە هەمان ڕۆژدا ئامادەن بچنە شوێنی ڕوداوەکان و پشتیوانی لەزیانلێکەوتووەکان بکەن؟ بێگومان وەها کارێکی خۆبەخش بۆپشتیوانی لە زیانلێکەوتووەکان ئاسان نیە، بەشداریکردن یا نەکردنیش لەڤیستیڤاڵ ڕێگر نیە لە پستیوانیکردن لە زیانلێکەوتووەکان، چونکە لەو ماوەیەدا ئەو لافاوانە هەر بەردەوامن. بەڕای من ئەوانەی بەو ڤێستیڤاڵە قەڵس دەبن و جوێن دەدەن، ئەگەر خۆیان ڕێکبخەن و لەشێوەی گروپی جیاجیادا کۆمەکی بۆ زیانلێکەوتووەکان کۆبکەنەوە، زۆر شەرەفمەندانە ترە. بەهەرحاڵ، گرنگ ئەوەیە ئێمە لەنێوان دوو دیاردە داین؛ بەشێک بەشێوازی خۆیان خەریکی خۆشی دەربڕین دەبن و گوێ بە نۆرم و بەها باوەکان نادەن. بەشێکیش لەجیاتی خۆشی دەربڕین، بەجوێندان بەوانەوە ناخۆشی دەردەبڕن. ئایا دەکرێت وەکو یەک تەماشایان بکەین؟ خەڵکێک هەبوو سوکایەتییان بەوانەش دەکرد کە بەشداری ماراسۆنی ڕاکردن بوون. دەی خۆ ئەو ماراسۆنە دژی نۆرمە باوەکان نەبوو و کارێکی پۆزەتیڤیشە بەشێوەیەکی گشتی، بەڵام چونکە دیاردەیەکی نوێیە، خەڵک هەر بەلایانەوە ئاسایی نیە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە سوکایەتیکردن یا جوێندان و ڕەخنەگرتن لەهەر دیاردەیەکی مۆدێرنە، لەو کێڵگانەدا کە کارایی دین بەسەریانەوە زۆر زۆرە، چاوەڕوان کراوە. بەدەر لەوە، هەموو ڕەخنەکان بەپشتیوانیلێکردن و لەدژوەستانەوە جێگای لەسەروەستان و گرنگی پێدانن.

تێبینی: هەموو جۆرە ڕەخنەیەک ڕێزلێگیراوە، تەنها ئەو ڕەخنانە نەبن کە سوکایەتی کردن و جوێندانن.

# رۆمانوسێکی فینلەندی بەرەگەز عێراقی کەرکوکی، رۆمانێکی بەناونیشانی (یەزدان 99) نوسیووە، بە چەندین زمانی زیندووی دنیا وەرگێڕدراوە..

حەسەن بلاسم، رۆمانووسێکی فینلاندی بەرەگەز عێراقی کەرکوکییە، رۆمانێکی بە ناونیشانی (یەزدان 99) نوسیووە، ئەم رۆمانە ئاماژە بە 99 ناوەکەی خودا دەکات، کە لە قورئاندا باسی لێوەکراوە. لە زمانی عەرەبییەوە راستەوخۆ لە لایەن سامبسا بیلتونین Sampsa Peltonen کراوە بە زمانی فینلاندی. نوسینەکانی بۆ چەندین زمانی زیندووی دنیا وەرگێڕدراون و ئێستا ل ناوەندە ئەدەبییەکانی رۆژئاوا، ناوبانگێکی زۆری پەیداکردووە، بە تایبەتی لە فینلاند و هۆڵەندا و بەریتانیا، چونکە نووسینەکانی ناوەرۆکێکی مرۆڤدۆستانەی دوور لە رەگەزپەرستی تێدایە. ئەوی سەرنجی راکێشاین، تا بەدواداچوون بۆ نووسینەکانی ئەم نوسەرە بکەین، لە واڵەکەی خۆیدا لە تۆڕی کۆمەلایەتی فەیسبووک دەستەواژەیەک دەخوێنینەوە دەڵێ: خۆشترین شت لە گەورەیی شارێکی وەک کەرکوکدا ئەوەیە، کە بە تورکمانی و کوردیی و بە عەرەبی، گوێت لیدەبێت و دەبینیت و هەستدەکەیت و بۆندەکەیت. ئەگەر یەک تۆز هوشیاریت هەبێت، بۆ هەتا هەتایە پارێزبەندیت دەبێت، دژی شێرپەنجەی رەزگەپەرستی رق لێبوونەوە.

لە کاسێتێکی جیلان گۆرانیبێژی تورکمانەوە– یادگارییەکی هەرزەکاری نوسەر. بێگومان کەرکوک و هەموو شاروشارۆچکەکانی ئەو وڵاتە، پێویستیان بەوەیە هەموو نوسەر و روناکبیر و سیاسییەکان، بە کورد و عەرەب و تورکمان و نەتەوەکانی دیکەشەوە، وەک حەسەن بلاسم بنوسن و بیربکەنەوە، ئەگینا مەحاڵە ئەو وڵاتە لەو زەلکاوەی ئێستە تێی کەوتووە دەربچێت. حەسەن بلاسم باسی ئەوە دەکات، ماوەیەک لە سلێمانی ژیاوە و هاوڕێیەتی لەگەڵ هەموو نەتەوە جیاوزەکانی عێراقدا خۆش بووە، تەنانەت دەڵێ ئەگەر کوردستان ببێت بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، دێم لەوێ داوای پەناهەندەیی دەکەم.

حەسەن بلاسم ساڵی 1973 لە بەغداد لە دایکبووە، نوسەر و شاعیر سینەماکارێکی عێراقی نیشتەجێی فینلاندایە. بەرهەمێکی زۆری بڵاوکردۆتەوە، لە بواری شیعر و سینەما و رۆمانی خەیاڵیدا. کۆمەڵە چیرۆکێکی ساڵی 2009 بە ئینگلیزی بە ناونیشانی (شێتەکەی گۆڕەپانی ئازادی)، لە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە (کومابریس) لە ئینگلتەرا بڵاوکردۆتەوە، ساڵی 2010 پاڵێورا بوو، بۆ خەڵاتی ئیندیپێندت لە ئەدەبی خەیاڵی بێگانەدا و خەڵاتی جیهانی (فرانک ئوکونور)ی ساڵی 2010.

## فیلمەکانی:

1. رەگەکان– دۆکۆمێنتاری کورت– سیناریۆ دەرهێنانی لە فینلاند ساڵی 2008.

2 - ژیان بە خێرایی پێکەنین، فیلمێکی ئەزمونگەری کورت لە (10 دەقیقە)دا. بیرۆکە و دەرهێنانی لە فینلاندا، بەرهەمی ساڵی 2007 لە بەرنامەی سینەمای نوێ لە ساڵی 2008 Uusi Kino / yle1.

3. راپۆرتێکی تەلفزیۆنی - 18 دەقیقەیی - دەربارەی توێژەری فینلاندی (دکتۆر مارکو یونتونین)، لە کاتی لێکۆڵینەوەی دەربارەی گوزەرانی پەنابەرانی عێراقی لە فینلاندا– نوسین و دەرهێنانی، فینلاندا 2007


4. مردووی چاپەکان . کورتە. سیناریو و دەرهێنانی فینلاندا 2006.

5 - (زامی کامێرا) - رۆمانێکی درێژ بە زمانی کوردیی، سلێمانی 2000

6– سپێتی قوڕ– (سیناریو و نواندن)، خەڵاتی باشترین کاری لە میهرەجانی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغداد ساڵی 1997 بردۆتەوە.

7– کابینتا (سیناریو و نواندنی) لە بەغداد ساڵی 1997.

8– کاردینیا (سیناریو و دەرهێنانی) ساڵی 1996 خەڵاتی باشترین کاری لە میهرەجانی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان بۆ فیلمی دۆکۆمێنتاری دووەم و خەڵاتی باشترین دەرهێنان لە میهرەجانی فەرمانگەی سینەما و شانۆ وەگرتووە.




## کتێبەکانی

1. شێتەکەی گۆڕەپانی ئازادی، کۆمەڵە چیرۆکێکە بە زمانی ئینگلیزی لە دەزگای کومابریس لە ئینگلتەرا ساڵی 2009 بڵاوکراوەتەوە، وەرگێڕانی(جونثان رایت). ئەم کۆمەڵە چیرۆکە تا ئێستا بە عەرەبی بڵاونەکراوەتەوە.

2. منداڵە شیعە ژەهراویی بووەکە - کۆمەڵە چیرۆک، ناوەندی چیرۆکی عێراقی ساڵی 2008 بڵاویکردۆتەوە.

3. کتێبی (زامی کامێرا)- نوسین دەربارەی سینەما - ناوەندی چیرۆکی عێراقی ساڵی 2007 بڵاویکردۆتەوە.

4. کتێبی (نقووم بوون لە بووندا)، نامە بە هاوبەشی لەگەڵ ئەدیب و وەگێڕی عێراقی عەدنان موبارەک ساڵی 2006 .

5 - کۆمەڵێک گوتاری سینەمایی لە بەرگێکدا بە هاوبەشی (دەربارەی سینەمای شیعری)، ئامادەکردن و نوسینی صەلاح سەرمینی - لە زنجیرەی (نامیلکەی سینەما)، بە بۆنەی دەورەی چوارەمی(پێشبڕکێی فیلمی ئیمارات) لە (ئەبوظبی) ساڵی 2006.


6. کۆمەڵە گوتارێکی سینمایی لە بەرگێکی هاوبەشدا (دەربارەی فیلمی کورت) ئامادەکردن و نوسینی صەلاح سەرمینی - لە زنجیرەی (نامیلکەی سینەما)، بە بۆنەی دەورەی چوارەمی(پێشبڕکێی فیلمی ئیمارات) لە (ئەبوظبی) ساڵی 2005.

7. بەشداری لە کتێبی شار– چیرۆک لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بە بە زمانی ئینگلیزی لە دەزگای کومابریس، ساڵی - 2008، بە هاوکاری هەریەک لە: نەدیم غورسیل، کە کتێبی «چیرۆکی ئەستەنبول»ی نوسیووە و جەمال ئەلغیطانی خاوەنی (چیرۆکی ئەسکەندەریە)، فدوی ئەلقاسم خاوەنی (چیرۆکی دبي)، عەلاء حلیحل خاوەنی «چیرۆکی عەکا»، حەسەن بلاسم خاوەنی «چیرۆکی بەغداد» و یوسف ئەلمحێمید نوسەری «چیرۆکی ریاض»، ئەلیاس فرکوح نوسەری «چیرۆکی عەمان»، نەبیل سلیمان صاحب «چیرۆکی ئەللاذقیة»، جمانة حداد خاوەنی «چیرۆکی بیروت» و لەگەڵ نوسەری ئیسرائیلی ئیسحاق لاوور نوسەری «چیرۆکی تل أبیب».

8. پێویستە بانگەشەی شیعری بکرێت - کۆمەڵە شیعر.

9. رۆمانی کریستیانی عێراقی ساڵی (2013) کۆمەڵە چیرۆک. نوسەر ساڵی 2014 خەڵاتی ئیندیپێندتی لە ئەدەبی بێگانەدا پێ وەرگرتووە.

# کتێبی "نیچە" لە نووسینی عەبدولڕەحمان بەدەوی وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی






کتێبی "نیچە" لە نووسینی عەبدولڕەحمان بەدەوی و وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی

ئەمە پێشەکیی وەرگێڕە بۆ کتێبی "نیچە" کە ئامادەی چاپە و قەرارە دەزگای جەمال عیرفان لە ئایندەیەکی نزیکدا چاپی بکات (دیزاینی بەرگەکە کاری هونەرمەند ئارام عەلی یە):

پەیڤێک لەسەر بەدەوی و نیچە

کاتێک باس لە ڕابوونی فیکری و فەلسەفی و ڕۆشنبیریی عەرەب دەکرێت لە سەدەی بیستەمدا، بێ سێ و دوو ناوی دکتۆر عەبدولڕەحمان بەدەوی (١٩١٧– ٢٠٠٢) لە پێشەوەی کاروانی ئەو ناوانە دێت، کە ڕۆڵێکی بەرچاو و دیاریان لەو بزاڤەدا هەبووە و یەکێک بووە لەو بیرمەندانەی، کە چ لە ڕێی نووسینەکانییەوە و چ لە ڕێی وەرگێڕانەکانییەوە، خزمەتێکی گەورەی بە کتێبخانەی فیکری و ئەدەبی و فەلسەفیی عەرەب کردووە و نزیکەی سەد و پەنجا کتێبی لە بوارەکانی فەلسەفە و فیکر و ئەدەب و فەرهەنگدا بەو کتێبخانەیە پێشکەش کردووە. ئێمە کاتێک دەزانین کە ئەم بیرمەندە لە ساڵی ١٩٣٩ دا و لە تەمەنی بیست و دوو ساڵیدا و وەکو یەکەم بەرهەمی چاپکراوی، ئەم کتێبەی دەربارەی نیچە نووسیوە، ئینجا ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ کە ئەم پیاوە چ توانا و وزەیەکی ناوازە بووە لە سەردەمی خۆیدا و لە ڕۆژگارێکدا، کەم ڕۆشنبیر و نووسەری عەرەب هەبوون کە تەنانەت ناوی نیچەشیان بیستبێت، نەک کتێبیان لە بارەیەوە نووسیبێت. بەدەوی لە ناحیەی شرباصی سەر بە دومیاط لە دایک بووە لە ساڵی ١٩٣٤ دا بڕوانامەی بەکالۆری بەدەست دێنێت و پاشان لەساڵی ١٩٣٤دا دەچێتە زانکۆی قاهیرە، کۆلێجی ئاداب، بەشی فەلسەفە. ساڵی ١٩٣٨ زانکۆ تەواو دەکات. دواتر دەبێت بە مامۆستای وانەبێژ لەوێ و پاشان ماستەر و دواتریش لە ساڵی ١٩٤٤دا دکتۆرا تەواو دەکات و نامەی دکتۆراکەشی باسێکە دەبێت بە ناوی "زەمەنی بوونگەرایانە"، کە دکتۆر تەها حوسەین لە بارەیەوە دەڵێت: "ئەمە یەکەمجارە فەیلەسووفێکی میسری ببینین". ئەم کتێبەشی هەروەکو بە ناونیشانەکەیدا دیارە، لەژێر کاریگەریی فەیلەسوفی بوونگەرای ئەڵمانی"مارتن هایدیگەر"دا نووسیوە، ئاشکرایە کە هایدیگەر کتێبێکی ناوازەی هەیە بە ناوی "بوون و زەمەن". بەدەوی هەر زوو وەکو بیرمەندێک(گەر نەڵێین فەیلەسووفێک)ی بوونگەرای عەرەب ناسرا، لە کاتێکدا هێشتا فەلسەفەی بوونگەرایی بەو شێوەیە برەوی نەسەندبوو. هەڵبەتە جێی ئاماژەیە کە بەدەوی توانایەکی سەیری لە زمانزانیشدا هەبووە. ئەو زمانەکانی فەرەنسی و ئیتاڵی و ئەڵمانی و ئیسپانی و یۆنانی و لاتینی و ئینگلیزی و فارسیی لەپاڵ زمانی دایکیدا کە عەرەبییە، زانیوە. بەدەوی لەو سەردەمەدا وەکو بیرمەندێکی یاخی بەرامبەر بە کۆتوپێوەندە کۆمەڵایەتی و نەریتە سواوەکانی کۆمەڵگا و بیرکردنەوەی باو دەرکەوت.

هەر لەو ڕۆژانەدا، بەدەوی بە سەختی دەکەوێتە ژێر کاریگەریی فەیلەسووفی گەورەی ئەڵمانی"فریدریش نیچە"ەوە و بەرهەمیی ئەو کاریگەرییەش ئەم کتێبە دەبێت کە ئێستا لەبەردەستی خوێنەردایە.

ستیڤان ئۆدویڤ لە پێشەکیی کتێبی "بە ڕێگاکانی نیچەدا"، باس لەوە دەکات کە ڕۆژێک دێت لە زانکۆکاندا کورسیی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوە لە کتێبی "زەردەشت وەها دووا" تەرخان دەکرێت. ئەو گەرچی دەڵێت نیچەییزم بەتەنها یەک نوێنەری هەیە کە خودی نیچە خۆیەتی، بەڵام جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە کاریگەریی بۆ دەیان ساڵ و بگرە زیاتری دوای خۆی جێدەمێنێت، گەرچی بە بڕاوی ئەو، ئەوانە ناتوانن شتێکی ئەوتۆ بخەنە سەر بیروبۆچوونەکانی نیچە خۆی. بێگومان نیچە یەکێکی لە فەیلەسووفە گەورەکانی سەدەی نۆزدەیەم و لەگەڵ سەرەتای سەدەی بیستدا، ژیانی کۆتایی دێت، بەڵام ژیانی نووسینەکانی دەستپێدەکات، ئەو نووسینانەی ڕەخنەیەکی ڕادیکاڵانەن بۆ سەر ئایین و فەلسەفە و ئەخلاق و زانست و بە درێژایی سەدەی بیست و بگرە تاوەکو ئێستا کاریگەریی دیاری خۆیان لەسەر دەیان فەیلەسووف و ئەدیب و نووسەر هەبووە. نیچە بە ڕاگەیاندنی "مەرگی خودا"، سەرەتایەکی نیهلیستییانە و نوێی بۆ ژیاری مرۆڤایەتی ڕاگەیاند. گرنگیی ئەم کتێبە لەوەوە دێت، کە نووسەرەکەی توانیویەتی بە زمانێکی ڕوون و نائاڵۆز دیمەنێکی گشتیمان لەسەر ژیان و فەلسەفەکەی نیچە بداتێ. دەتوانین بڵێین، کە کتێبەکە لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت: بەشی یەکەم لە چەند پاژێکدا باس لە وێستگە سەرەکییەکانی ژیانی نیچە دەکات، هەر لە منداڵییەوە و کاریگەریی بۆماوە و فەزای ئایینی لەسەری، تا دەگاتە قۆناغی خوێندن و ئاشنابوونی بە شۆپنهاوەر و ڤاگنەر و هاوڕێ کەمەکانی تری و دواجار وازهێنانی لە مامۆستایەتی و لە کۆتاییشدا شێتبوونی. بەشی دووەمیش، باس لە فەلسەفەکەی نیچە و جیهانبینی و ڕوانینی بۆ مەسەلەی دین و ئەخلاق و زانست و ... هەروەها چەمکە سەرەکییەکان لە فەلسەفەی نیچەدا، وەکو مەرگی خودا و ئەخلاقی کۆیلان و سەروەران و گەڕانەوەی هەتاهەتایی و مرۆڤی باڵا. بۆیە دەکرێت ئەم کتێبە بە سەرەتایەک لە قەڵەم بدەین، بۆ چوونەناو فەلسەفەی نیچەوە و ئاشنابوون بە جومگە سەرەکییەکانی هزری نیچە، هەروەها بە سەرەتایەک بۆ تێگەیشتن، لە کتێبە بەناوبانگەکەی نیچە"زەردەشت وەها دووا"*. هەموو ئەمانەش پێکەوە، هاندەری ئێمە بوون بۆ وەرگێڕانی ئەم کتێبە بۆ سەر زمانی کوردی. هیوادارین کارەکەمان ئەم ئامانجەی خۆی پێکابێت و ئەم کتێبە یاریدەدەرێک بێت بۆ ئاشنابوون و تێگەیشتن لە دونیا فەلسەفییە بەرفراوانەکەی فەیلەسووفی مەزن"فریدریش نیچە".

ئازاد بەرزنجی

## پاشماوەی.... ل 1 د.مەغدید سەپان، لە پەیامێکی تایبەتیدا، کە ئاراستەی کۆنفرانسەکەی ئەمڕۆی هۆڵەندای کردبوو، دڵنیایی دەدات کە ڕۆژنامەی کوردستان 21 نیسان دەرچووە نەک 22 نیسانی 1898...



میللەتی کوردیش 293 ساڵ لە پاش دەرچوونی یەکەمین ڕۆژنامە، ڕۆژنامەی کوردی چاپ و بڵاوکردۆتەوە، لە درێژەی لێکۆڵینەوەکەیدا ئاماژەیدا بەوەی: ڕۆژنامەنووسی بە دەسەڵاتی چوارەم دەناسرێت، هەروەها بنەماکانی دەوڵەت لەسەر سێ کۆڵەکەی بنەڕەتی دامەزراوە، گەل یا نەتەوە، هەرێم یا نیشتمان، دەسەڵاتی سیاسی. لە درێژەی کارەکانی یادەکەدا، پێشکەشکردنی پانێلی دووەم بوو، کە تایبەت بوو بە ژن و مێدیای کوردی، کە لە لایەن هەرسێ ڕاگەیاندکارانی ژن لەبوارە جیاجیاکانی کاری ڕۆژنامەنووسی، بەڕێزان ڤینۆس فایەق و بەرفین ئێزلی و ڕێژین بابا عەلی بەڕێوەچوو، لە دەسپێکی ئەو پانێڵەدا ڤینۆس فایەق، کە لە بواری ڕاگەیاندندا، کە وەک ئەکادیمیستێک کاردەکات و دەڵێ: ژنە ئازاو جەبەزەکانی بوارەکانی مێدیا گەلێک جار کارەکانیان جێدەهێڵن و خەریکی ژیانی تایبەتی خۆیان دەبن. بۆیە لە ڕێگای بوختان و قسەی نابەجێدا، دوورلە لۆژیک مامەڵەیان لەتەکدا دەکرێت ...لە پاشان بەرفین ئێلزی بەڕێوەبەر لە( ژن تیڤی) لە باسەکەی خۆیدا گوتی؛ بەدرخانییەکان ماڵباتێکی خەباتکاربوون، بۆ ئاشناکردنی کورد بە هاوڵاتیان بیانی و ناساندنی دۆزی ڕەوای گەلی کوردستان. لە کۆتایی قسەکانیدا گوتی: مخابن لێرە کۆمەڵێک خەڵکی ڕۆژنامەنووس و ڕوناکبیر ئامادەن، خۆزگە لە نزیکەوە یەکترمان دەناسی، بە پێویستی دەزانم لە نزیکەوە پێکەوە کاربکەین. هەروەها لەلایەن هونەرمەندیکی مۆسیقی شۆڕش قەراخی، بابەتێکی تایبەت بە ڕۆڵی هونەر لە مێدیای کوردییدا پێشکەشکراو تێیدا ئاماژەیدا، هونەر چاوی شۆڕش بووە و لەڕێگای هونەرەوە شیعر و ئاوازو مۆسیقای کوردی وەکو ئامانجێک و کاریگەرێتی لەسەر هەست و نەستی کۆمەڵگای کوردەواری هەبووە.لە تەوەرێکی دیکەدا فیلمێکی دیکۆمێنتاری، بە ناوی بەدرخانییەکان ئامادەکرابوو، لەلایەن بەڕێزان ستار محەمەد ئەمین و سامی کەمال، کە تایبەت بۆ ئەو کۆنفرانسە دروست کرا بوو.

لە کۆتایی بۆنەکەشدا، خەڵاتی ڕێزلێنان بەواژۆی بەڕێزان: ڕوناکبیر و سیاسەتمەداری هۆڵەندی (تێۆڤینیک و حەمید بەدرخان و شاخەوان دوکانی) واژۆکران و بەخشرایە بەشداربووان. مەدالیای ڕێزلێنانی ڕێورەسمەکە بەسوپاسەوە، بە سپۆنسەری و هاوکاری خاتوو شاناز ئیبراهیم ئەحمەد دروستکرابوو. ڕێکخەرانی یادەکە سوپاس و پێزانین و سلاو و ڕێز و پیرۆزبایی یادی 121 ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردییان ئاراستەی بەڕێزیان کرد، بۆ ئەو هەوڵ و ماندوبوونەی.









هەروەها لە میانەی بۆنەکەدا، ڕێز لە بەشێک لە ڕۆژنامەنووسانی وڵاتانی دیکەش نرا، کە نەیانتوانی بوو ئامادەبن، بڕیاردرا پاشان سەردانیان بکرێت و مەدالیای ڕێزلێنانەکە، بگەیەنرێتە لای سەربازە ونەکانی بواری ڕاگەیاندن لە تاراوگە.

ئامانج لە سازدانی ڕێورەسمی یادی 121 ساڵەی ڕۆژنامەوانی کوردی لەهۆڵەندا:

١– نوسینەوەی مێژوویی ڕۆژنامەنووسی کوردی و دۆزینەوە و کۆکردنەوەی ئەرشیفی ڕۆژنامەوانی کورد.

٢– بەرزو پیرۆزڕاگرتنی یادوبۆنە نەتەوەیی ونیشتیمانیی و کەلتوریەکان لە تاراوگە.

٣– بەسەرکردنەوەی ئەوکاراکتەرە ئەکتیڤ و ناسراوانەی، کە ساڵانێک خزمەتیان لەم بوارەدا کردووە و خەڵات و ڕێزلێنانیان پێببەخشرێت.

٤– بەرفراوانبوونی ئازادی و ئازادی ڕادەربڕین و مافی ڕۆژنامەنووسان لەتاراوگە و پشتیوانی کردن لە هاوپیشەکانمان لە هەرێمی کوردستان لەکاتی پێشێلکاری بەرامبەریان.

٥– بەردەوامی ئەم جۆرە کۆنفراسانە لەئەوروپا، بەتایبەتی لەیادی ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، بڕیاریشدرا کە ساڵانە لە یەکێک لە وڵاتانی ئەوروپا ئەو یادە پیرۆز بکرێت و کۆنفرانس و ۆرکشۆپی پێویست و زانستیان بۆ ڕێکبخرێت.

حەمید بەدرخان ، ئەکادیمیای بەدرخان

شاخەوان ئەکرەم دوکانی، ڕێکخراوی چەپک

٢١ی نیسانی ٢٠١٩ هۆڵەندا– ئارنهێم

# چالاکی کورد لە تاراوگە

## پێشەنگای شێوەکاری هونەرمەند پاڵە ساڵح لە شاری لاهای ڕۆژی شەممەی ڕێکەوتی 4 مایسی 2019 دەکرێتەوە



ڕۆژی شەممەی ڕێکەوتی 4 مایسی 2019 کاتژمێر 4 ئێوارە 16.00.
پێشەنگای شێوەکاری هونەرمەندی کورد، پاڵە ساڵح لە شاری لاهای دەکرێتەوە، تا ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی 12 مایسی 2019 بەردەوام دەبێت لەم ناونیشانەی خوارەوە:


ADRES
Haagse Kunstkring
Denneweg 64
2514CJ Den Haag

کارە هونەرییەکانی پاڵە ساڵح بەوە جیادەکرێنەوە، ئەوە نییە ئاماژە بە شتە گەورەکان بدات، بەڵکو گرنگی زۆر بە وردەکاری و ڕاستییە نەبینراوەکان دەدات، ئەوانەی بینەر سەرنجیان نادات، لەم پێشەنگایەدا پاڵە هەشت کاری هونەری ئاوێتەکراوی نیشان داوە، تاڕادەیەک هەر کارێکی تابلۆی بچوکراوەی ئەوی دیکەن، هەر تابلۆیەکی لەوی دیکەی باشتر و لە پێشترە. لە ڕاستیدا ئەم تابلۆیانە کۆمەڵێک ئیشی هونەریی جیاوازن لەسەر کاغەز، بەڵام مەتریاڵی جۆراوجۆری بۆ بەکارهاتووە، کە بە جوانی لەگەڵ یەکدیدا گونجێندراون کۆکراونەتەوە، کە ئەو نیگار و تابلۆیانەی یەک لەسەر یەک دانراون و سێینەیەکی بەرجەستەکراوی دروستکردووە. تابلۆکان کارێکی دانسقە و داهێنەرانە و چێژبەخشن، ئەوەی تێیاندا دەیدۆزیتەوە و بە چاو نایانبینی، بەقەدەر ئەوە گرنگە کە دەیان بینیت و هەستیان پێ دەکەیت. پاڵە خۆی دەڵێت ئەوە زیاتر پەیوەستە بە ڕوناکییەوە، ڕوناکی زیاتر وادەکات شتەکان ببینرێن. ئەگەر ڕوناکی نەبێت هەموو شتێک تاریک دەبێت. لە کۆتاییدا پاڵە دەڵێت، کارەکانم کۆمەڵە تابلۆیەکن پڕن لە گەشبینی، بۆیە کاتی خۆت وەربگرە و وەرە بیان بینە.

Pala Salih, gemengde technieken (Vitrine ingang)
Afbeelding Pala Salih 1
Opening: zaterdag 4 mei 16.00 uur
De kunstenaar vertelt: zondag 12 mei 16.00 uur

Het is niet het grote gebaar dat het werk van Pala Salih kenmerkt. Het is de aandacht voor het kleine. Aandacht voor wat zich bijna of zelfs daadwerkelijk aan het oog onttrekt en wat enkel een oplettende kijker opvalt. Hij laat een achttal samengestelde werken zien; bijna miniaturen zijn het. Elk werk is meer dan het in eerste instantie lijkt. Ze zijn feitelijk opgebouwd uit een aantal afzonderlijke gelaagde werken op papier, waarbij gebruik gemaakt is van diverse materialen .Hoe zien die werken eruit? Hij heeft ze zorgvuldig opgerold en tegen elkaar gezet. Hierdoor overstijgt de tekening/schildering het platte vlak en krijgt die een ruimtelijke dimensie. Het is fascinerend om te ontdekken dat wat je niet ziet even belangrijk wordt als wat je wél waarneemt. "Het gaat altijd over licht", zegt Pala. "Licht maakt dingen zichtbaar. Als er geen licht is dan is alles duister. Mijn werk is dan ook werk van een optimist. Neem tijd en ruimte om te kijken ".Pala Salih (1965,Sulaimanya Halabja, Koerdistan) woont en werkt sinds 1993 in Nederland, momenteel in Zoetermeer. Hij heeft de academie in Irak doorlopen en de Koninklijke Academie van Beeldende Kunsten in Den Haag.

ADRES
Haagse Kunstkring
Denneweg 64
2514CJ Den Haag
0703647585



# پرنسیپی هونەری مۆسیقا.. سەلاح ڕەوف

لە ژمارەی پێشوودا ئەم نوسینەی مامۆستا سەلاح ڕەوف–مان بلاوکردەوە، بەڵام لە کاتی مۆنتاجدا هەندێ تێکەڵاوی تێکەوتبوو، داوای لێبووردن لە مامۆستا دەکەین، وا جارێکی دیکە بڵاومان کردەوە.

زۆرن کە هەردەم بەدوای پارویەکی بێ ئەرک و خەوتنێکی خۆڕاییەوەن، لایان گرنگ نییە بەری کام دار و بەرهەمی کام توانایە، خۆیانی لێ دەکەنە خاوەن و لەسایەیدا دەژین، گرنک ئەوەیە ویستەکانی ئەوان بەلاشە بێت، وا دەزانن ئەوەی بۆ ئەوان دەشت بۆ کەسانی تر ناشێ، گەر واش نەبێ ئەوا دەچێتە سنوری لێ خوێندن و پسکە پسک لێیان، دەشێت گەر کارێک کرا، ڕەزامەندی ئەوانی لەسەر بێ و لەژێر ڕێنمایی و هاوکاری ئەوان بێت، گەرلێشی نەزانن، گوایە ئەوکارەی هەندێ کەس دەیکەن مافی تاکە کەس نییە و دەشێت بەبڕیاری کۆنفرانسێک یا کۆنگرەیەک ڕێگەیان پێ بدرێت، بەڵام بەمەرجێ خۆیان لە سەرووی لیستی بڕیاردەرانی کۆنفرانس یان کۆنگرەکە بن، گرنگ نییە خۆیان چیان کردووە و توانایان چەندە، گرنگ ئەوەیە خۆیان پێشڕەوبن. لە هەموو دنیادا کۆنفرانس یان کۆنگرە بەپێی پێویست لە ساتی بوونی پێویستیەکدا دەبەسترێت بۆ برەودان بەکارێکی ئەنجامدراو، لەلایەن تاکە کەسێ یان چەند کەسێکەوە ئەنجامدرابێت یان لەبەر گرنگی شیتەڵکردنی کاری پەیوەنددار بەو کۆنفرانسە. تاکە کۆنفرانس لە ڕۆژهەڵاتی ناوین، کۆنفرانسی مۆسیقای عەرەبی بوو، کە ئەویش هەر لەسەر داوای ئەوجۆرە کەسانە بوو، بۆیە ئەنجامەکەی ئەوەبوو کە ڕوویدا و زانیاریان لەبارەوە نەبیستین، کوتایەکەی چۆن دەستیان پێکرد هەر ئاواش ماڵئاواییان لێکرد، هەردوو کۆنگرەکەی تریان بەهەمان مەرەچوو، چونکە کەس لە بابەتەکانی پێشوو زیاتر شتێکی نوێی پێ نەبوو، کۆنگرەکەیان تەنها بەسەرفکردنی هەزارەها جنێهی میسری و بۆ ڕۆژانەی بەشداربووان پارەی نوستنی ئوتیلەکەیان، گردبوونەوەکەیان نەیتوانی تاکە وشەیەک لە داهێنانیەکانی زەریاب و فارابی لەق بکات، جگە لە هێنانی چەند ناوێکی نوێ بەبۆچوونێکی دوور لە زانست. ئاشکرایە ئەوەی بەهرەمەندانی وەکو "سەلیم ئەلحلو "یان "سامی شەوا" یان "عەبدولڕەحمان ئەلچبقچی" بۆ مۆسیقای عەرەبیان کردووە بە دەیان گۆنگرەی ئوتێل بەلاش نایەتە بەرهەم، هەرچەندە ئەو بۆچوونانەی ئەوانیش زۆر جیاواز نەبوون، لە بۆچونەکانی زەریاب و فارابی، بەڵام دەتوانیین بڵیین بەتایبەتی بۆ چوونەکانی عەبدولڕەحمان ئەلچبقچی تۆزێ لە سەرقاڵی و جەنجاڵی بەناو تیۆرەکانی زەریاب و فارابی کەم کردۆتەوە. هیچ نەبێ ناوی حەوت دەنگە مۆسیقایەکەی وەکو مۆسیقای جیهانی لێکرد، کە هەر ئۆکتاڤێک حەوت دەنگە، لای زەریاب و فارابی دوو ئۆکتاف بکاتە 48 دەنگ و لەسەر بنەمای چارەکە دەنگی ناونراون، لە ساتێکدا لە مۆسیقای هەموو جیهاندا پلەدەنگی چارەکە دەنگی نییە، بچوکترین میانە نیو میانەیە و پاشان سێ چارەکە میانە و میانەی تەواو، هەر چەندە بۆچوونەکانی زەریاب و فارابیش لە بۆچوونی ((هۆگباڵدی بەلچیکی ٨٤٠–٩٣٠)) و ((جیدۆاریدزۆی ئیتالی ٩٩١ –١٠٣٣)) زیاتر نەبوون، کە بریتیبوون لە دۆزینەوی نۆتەکانی مۆسیقا و پلیکانەی مۆسیقا و مۆدەکانی مۆسیقای کەنیسە. تائێستاش عەرەب و دانیشتوانی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەرهەمان بۆچوونی ئەوان دەڕۆن، ڕۆژ بەڕۆژ گرێ کوێرەکە ئاڵۆزتر دەبێت، لای ئەوروپاییەکان ئەم سەر لێشێواویەی مۆد و پەیژەکانی مۆسیقای کەنیسە بەردەوام بوو، تا ئەو کودەتا گەورەیەی کە مۆسیقازانی فەرەنسی ((جان فیلیپ رامۆ ١٦٨٣–١٧٦٤)) بەدۆزینەوەی بنەما شاراوەکانی ناو تیۆری مۆسیقای جیهانی، بەتایبەتی لە نێو تیۆرەکانی مۆسیقای کەنیسەدا نەبوون، کە هەرە گرنگەکەیان بریتیبوون لە بنیات نانی پەیژەی تێکڕای(السلم المعدل– Diatonic Scale) و پەیژەی کرۆماتیک و (بازنەی پینجی– Quints Circle) و چەسپاندنی ڕابەری پەیژەی مۆسیقا، کە بەهوی دۆزینەوەی ئەم بنەما زانستیانە کە پڕاوپڕ پێچەوانەی تیۆرەکانی مۆسیقای کەنیسە بوون، بۆیە ڕامۆ ناچاربوو سەری خۆی هەڵگرێ و تا دوا ساتەکانی ژیانی لە وڵاتی ئیتالیا بژی. بەچەندساڵێک دوای ئەودۆزینەوەیە مۆسیقازانی جیهانی ((یۆهان سبستیان باخ–١٦٨٥–١٧٥٠)) کە هاوتەمەنی ڕامۆ بوو, لە سەر بنەماکانی ڕامۆ (پەیژەی دیاتۆنی– السلم المعدل) بەتەواوی سەپان بەسەر مۆسیقای ئەوروپیدا و کارلەسەر بازنەی پێنجی سەروو خواروو کرا. لەهەموشی گرنگتر لە بۆچونەکانی ڕامۆ دۆزینەوەی ڕابەرەکانی سەر پلیکانی مۆسیقا کە بریتین لە:



بڕوانە ل 9

## پاشماوەی....

# پرنسیپی هونەری مۆسیقا.. سەلاح ڕەوف

١- ڕابەری کلیلی مۆسیقا: هەرسێ جۆرەکە واتا کلیلی سۆل و کلیلی دۆ و کلیلی فا و بەکارهێنانیان بەپێی جۆری دەنگ، مرۆڤی یان ئامێری مۆسیقا.

٢- ڕابەری پەیژە کە بەهۆیانەوە جۆری پەیژە مۆسیقاییەکان ئەناسرێنەوە.

٣- ڕابەری ڕیتم کە بەهۆیەوە جۆری ڕیتمی مۆسیقاکە دەستنیشان دەکرێت. ئەمانەی کە باسمانکرد بەتایبەتی خاڵی دووهەم لە مۆسیقای ڕۆژهەڵاتییدا بۆنی نییە، کە مەرجێکی سەرەکییە بۆ بنیاتنانی مۆسیقا بەشێوەی زانستی، زۆربەی هونەرمەندەکانی خۆمان لەهەوڵی پەیڕەوکردنی ئەو بنەماسەرەکیانەن کە لەمۆسیقای جیهانیدا هەیە، بەتایبەتی خاڵی دووهەم کە بریتییەلە بەکاربردنی ڕابەری پەیژە بەشێوازە زانستیەکەی، بەڵام بەداخەوە هەندێک تائێستاش پاشکۆی نەتەوەکانی دەوروپشتن کە ئەوانیش گوێ لەمشتی بنەما تیۆریەکانی زەریاب و فارابیین، من ڕام وایە بەم نزیکانە ئێمەی کورد ئەبێ خۆمان لەدەست ئەو بنەما نازانستیەکانی زەریاب و فارابی و گوێ لەمشتەکانیان ڕزگارکەیین. ئەو شۆڕشە گەورەیەی لەدوای ئەو بەهرەکاریانەی کە ڕامۆی فەرەنسی کردی و پاشان سەپاندنی بیرۆکەکە لەلایەن (باخ) ەوە بووە هۆی بنیادنان و فراوان بونی ئاستی دارشتنی فۆرمە نوێکانی مۆسیقا لای ئەوروپیەکان بە شێوەیەکی زۆر زانستیانە. ئەمانەی باسکران هەمویان کاری تاکەکەسین و هیچیان داوایان نەکردووە کارەکانیان لەژێر سایەی خەڵکی تردا بروامەندبن، گەر کۆنگرەیەکیش بۆ ئەوبابەتانە گیرابێ ئەوا بەپەرۆشی کەسانی زاناو خاوەن بروانامەی بەهرەمەندانە، یان لایەنی دەسەڵاتداری دڵسۆزی نەتەوە، کە هەست بە بوونی کارێکی شیاوی زانستی بکات بەئەنجام گەیەنراوە، یان بەپێزیی ئەوکارانە خۆیان بونەتە جێی پەسەندی دانشگاو مەڵبەندە بسپۆرەکانی ئەو بابەتانە. ئێمەی نەتەوەی کورد ئەبوایە زۆر لەمێژە خۆمان لەو تەنگوچەڵەمەیەی دەوروپشتمان دوربخستایەتەوە، نەک ببینە پاڵپشت بۆیان، کۆکردنەوەی بەرهەم و ئاوازە ڕەسەنەکانی نەتەوەکەمان پێویستی بەکۆنگرەی مۆسیقانییە،ئەوکارە سەرەتا بەکاری تاکەکەسی یان چەند کەسێک دەست پێ ئەکات، هەروەها هەندێ مەڵبەندی تر هەیە کە ئەوکارانە ئەکەن و کردوشیانە بۆنمونە:- ئنستوتی کەلەپوری کوردی،هەروەها دەستنیشانکردن و ڕووماڵکردنی مۆرکی ڕەسەنی نەتەوایەتی، پێویستی بە زانستییەکی قوڵ و پڕ هەیە ئەوەی کە بەم کارە هەڵدەسێت جگە لەتوانای خۆڕسک، پێویستی بەتوانا و زانستی کەسانی تریش هەیە، لە ئەوروپا، کەم کەس هەیە بەمۆرکی ڕەسەنی نەتەوەکەی ئاشنا نەبێت، چونکە لەلایەن زانایانیانەوە ڕوماڵێکی ئاسانکاری وای بۆکراوە، کە زۆر زوو بۆ ئاستی هەموو تەمەنەکانی مرۆڤەکانیان ئاشنا دەبێت. لای خۆمان هەندێ کەسی بەناو مۆسیقازان هەیە، کە خۆی لەترۆپکی زانستی مۆسیقادا هەژمار دەکات، بۆ نموونە تائێستا نەیان توانیوە دوو دێری بەپێز لەسەر مۆرکی ڕەسەنی هونەری ساز و ئاوازی نەتەوەکەمان بنوسن، هەرچەندە ئاشکرایە کە ڕادەی زانیین بەدووجۆر دەردەکەوێ:- ڕادەی زانیین بەدوو جۆر دەردەکەوێ:- یەکەمیان نوسین، دووەم باسکردن، زۆرکەم لە هونەرمەندانی ئێمە خاوەنی ئەو دوو توانایەن، بەڵام مەخابن هەندێ کەس خاوەنی بلیمەتییەکی ترن، ئەویش: گەر کەسێک کارێکی ئەنجامدا، هەر زۆر ڕەحمی پێبکەن ئەوا دەڵێن ئەوکارە دەبوایە لەژێر سایەی کۆنگرەیەکی نەتەوەیدا ئەنجام بدرایە، یان دەڵێن هەندێ کەس تازە بەتازە باس لە ناسنامەی ڕەسەنی کوردی دەکەن، گوایە خۆیان لەوسەری هاتونەتەوە، هەرچەندە خۆشیان نەبەنوسین و نەبە باسکردن ڕۆژێک لەو بابەتە نەدواون، ئەوەش گەورەترین بەڵگەیە بۆ بێئاگاییان، گەر وانییە خۆشحاڵین کە بیروڕاو سەرنجیان بزانین، جا بەنوسین بێت یان بەباسکردن، لەبەرئەوە ئەوە پێویستیەکی نەتەوەییە، گرنگ نییە ئاستی باسەکەیان چۆنە گرنگ ئەوەیە بیروڕایان بخەنەڕوو، تا نەوەکانی نەتەوەکەمان کەڵکی لێوەربگرن، چۆن لەهەموو جیهاندا گەورە تابچوک بە مۆرکی ڕەسەنی نەتەوەکەی خۆیان ئاشنان، نەک لەمۆسیقا بەڵکو لەهەموو بوارەکانی ژیانی نەتەوەییان، من لێرەوە بەدەنگی زوڵاڵ هاوار دەکەم پاش ئەوهەموو نەهامەتییەی نەتەوەکەمان لە پارچە پارچە بونی وڵاتەکەمان و نەبونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ، هونەرەکەشمان هەرلەسایەی ئەو دەسەڵاتانەدا ماوەتەوە،هەمان تەنگوچەڵەمەی مۆسیقای دراوسێکانمان شانی ئێمەی کوردیشی گرتووە،دەڵێم ساتی ئەوەهاتووە هەرکەسەو لە ئاستی خۆیەوە هەست بەبیری نەتەوەیی بکات و مۆرکە ڕەسەنەکانی هەمووبوارەکانی نەتەوەکەمان یاداشت بکەن ئێستا کاری نوسین و بڵاوکردنەوە زۆر لە ساتە پێشووەکان ئاسانترە، من بیرمە لە ساڵەکانی حەفتاکان بە دەست و نوسینی خۆمان کتێبمان چاپ دەکرد، لە بەرئەوەی چاپی نوسینی نۆتەی مۆسیقا لە وڵاتەکەماندا نەبوو، ئێستا کارەکە ئەوەندە ئاسانە جگە لەتوانای نوسین و باسکردن، پێویستت بەهیچ هیلاکبوونێکی تر نییە، بۆیە داواکارم لە هونەرمەندان و هونەردۆستان (جگە لە مشەخۆرەکان)، کە خۆیان دوردەگرن لە بواری ئاشناکردنی پیناسەی هونەرەکەمان بە خودی نەتەوەکەمان و دەوروپشت و بگرە جیهانیش، گەر شارەزاییان لێی هەیە، بەپێچەوانەشەوە با بارتەنگی بۆ کەسانی تر بنیاد نەنێن و لێپرسینەوی مێژوویان نەخەنە پاڵ، کە تاک ڕەوییان کردووە، خۆشیان هەڵی ئەم ژیانە لە دەست خۆیان نەدەن، گەر توانادارن، هەوڵبدەن شان بەشانی برا هونەرمەندەکانی تریان پێناسەکردن و ناساندنی مۆرک و شێوازی هونەری کوردیمان بخەنە دووتوێی نوسین و باسکردن، ئیتر بەس بە تەنها بەچەند وشەیەک، کە جگە لە پیشاندانی بێتوانایی خۆیان هیچی تری لێ بەدەست نایەت، گوایە ئەمە ئەرکی کۆنگرەیەکی نەتەوەییە (کۆنگرەی ئوتێل بەلاش)، نەک کاری تاکە کەسی، کە لەڕاستیدا پیچەوانەکەی ڕاستە، ئەو کارانە لە کاری تاکەکەسییەوە دەست پێدەکات، دواتر دەبێتە کاری دەسگایەک، پاشان زانکۆیەک بۆ پێناسەکردنیشی کۆکبوونی ڕای سەرجەمی هونەرمەندان و ڕۆشنبیران دەبێتە کاری وەزارەتێکی پەیوەست بەوکارە.

هەرچەندە ئاشکرایە هەموو سەرەتایەک بێ هەڵە و بێ کەموکوڕی نابێت، گرنگ ئەوەیە هەموو هەوڵبدەین دەست لەناودەست، بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی دەوڵەمەند و زانستیانە بۆ بەرەوپێشچوونی ئاستی هونەری نەتەوەکەمان، بۆیە من لێرەدا بە گرنگی دەزانم کە ئەم نوسینەم ببێتە تەوەرێک و قسەی لە سەر بکرێت.


# هەرجارەی هونەرمەندێکی کورد



## پاڵــە ساڵح

لە ساڵی 1965 لە شاری هەڵەبجەی سەربە پارێزگای سلێمانی/ باشوری کوردستان لە دایک بووە. ساڵی 1986 پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی تەواوکردووە. لە ساڵی 1993 ەوە لە هۆڵەبدا دەژی ئێستا لە شاری زوتەمیر دادەنیشێت، ساڵی 2002 ئەکادیمیای هونەری شاهانەی لە لاهای تەواو کردووە. پاڵە هونەرمەندێکی سەربەخۆ و هەمەچەشن و ڕەنگاڵەیە لەکارکردندا، لە نێوان سیرامیک و تابلۆکێشان و شێوەکاری و جۆرەکانی دیکەی هونەردا، هەمئاهەنگیەکی بەسەلیقەی دروست کردووە. لە تێڕامان لە تابلۆکانی پاڵە، ناونیشان و ڕۆژی کێشانی تابلۆکە بەدی ناکەیت، خەسڵەتی تایبەتی خۆی هەیە، لە یەک تابلۆدا، هەندێ جار سەرەوەی تابلۆکە ڕەنگاوڕەنگە و دامێنەکەشی ڕەنگێکی تاریکم یان خۆڵەمێشی یان بێ ڕەنگ بەدیدەکەیت. جیهانێکی تایبەتی خۆی هەیە. لە ساڵی 1986ەوە پاش تەواوکردنی خوێندنەکەی تا ئێستا، ساڵانە لە وڵات و لەزۆربەی شارەکانی هۆڵەندا، پێشانگەی شێوەکاری تایبەتی و هاوبەشی لەگەڵ هونەرمەندانی دیکەدا بە بەردەوامی کردۆتەوە. هونەرمەند پاڵە ساڵح لە تابلۆکانیدا گەردوون و ڕوناکی پانتایەکی گەورەیان داگیرکردووە و ڕۆڵێکی باڵای کاریگەریان لە ژیانی هونەری ئەودا بینیووە، بە شێوازێکی هەستیار و بزوێنەر، دەتوانێ دیمەنی سروشتیی چڕی دارستانەکان بەرجەستە بکات، بەڵام تەمێکی خۆڵەمێشی یان شینێکی تەمومژاوی وەک هەور تابلۆکانی داپۆشیووە، ڕوناکییەک هەمیشە وەک هەڵهاتنی خۆرێکی گەشاوەی نوێ خۆی دەنوێنێت.

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کارە هونەرییەکانی بڕوانە ئەم لینکە:
http://www.chra.tv/web3/arts/gallery/category/37-pala-salih.html









# تــــاراوگـــە

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam
Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807